# حوكمی ڕۆژوو گرتن لەووڵاتانی ئەسەکەندەنافیا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم الصيام في الدول الإسكندنافية

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی ڕۆژوو گرتن لەووڵاتانی ئەسەكەندەنافیا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

پرسیار : پیروزبایی هاتنی مانگی رەمەزانی پیروزتان لە ئیمە و گەلی كورد و سە رجەم موسولمانان دەكەم.

ئێمە كومەلێك موسولمان لە باكووري ئەوروپا لە فینلەندا دەژین، مانگی رەمەزانی پیروز لیرە ٢١ ساعەتە لەهەندێك جیگاش ٢٣ ساعەتە، ئێمە بەكاتی مەكەی موكەرەمە بەروژوو دەبین چونكە گوێمان لەهەندێك فەتواي مسولمانان بوو وە زانایانی موسولمان تەنانەت ماموستا نەجمەدین لەئەم بابەتە قسەی كردووە كە بەكاتی مەككەی موكەڕەمە بەروژو بین، هەندیك موسولمان روژانە لە ٨ ساعەت بو ١٢ یان ١٤ ساعەت دەبێت ئیش بكەن ، بەواتایەكی دیكە مەجالي یەك جار نان خواردنیشمان هەیە، ئایا هیچ كیشەیەكی شەرعی هەیە بو ئیمە یان ئایا دروستە ئیمە بەكاتی مەككەی موكەرەمە بەروژو بین ؟

**وەڵام:** بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

برای بەرێزم راستە لەم بابەتەدا زانایانی ئەم سەردەمە بوون بە دوو بەشەوە کۆمەڵێکیان فەتوای ئەوەیان داوە کە دانیشتوانی ئەو وواڵاتانە دەتوانن بەکاتی مەککەی موکەڕەمە ڕۆژووەکانیان بگرن، واتا بەکاتی مەککە واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنن لەسەرتای ڕۆژوو گرتنەوە، وە بەکاتی مەککەیش لە ئێوارەوە ڕۆژووەکانیان بشکێنن.

لەهەمان کاتدا زۆربەی زۆری زانایانی تریش ئەو رایەیان بەلاوە پەسەند نیە و پێیان وایە خەڵکی ئەو وواڵاتانە دەبێت بەکاتی خۆیان ڕۆژوو بگرن، و بۆیان دروست نییە خۆیان پەیوەست بکەن بە کاتی هیچ وواڵاتێکی ترەوە، چونکە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا کاتی ڕۆژوو گرتنی دیاری کردووە بۆ هەموو وواڵاتێك و فەرموویەتی : ﴿ وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ﴾ [ سورة البقرة : ١٨٧ ] واتا : و بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان وسپێدەتان بۆ دەردەکەوێت و لەڕۆژهەڵاتەوە

دیاردەدات وتاریکی شەو لادەبات، لەوەودوا ڕۆژووەکەتان ببەنە سەر تا شەو دادێت و (خۆرئاوا دەبێت) .

ئیمامی (بوخاریی) ئەڵێ: ئەوانەی وا ئەیانویست رۆژوو بگرن تاڵە دەزوویەکی سپی یان بە قاچێکیانەوە دەبەست و، تاڵێکی رەشیش بە قاچەکەی تریانەوە، ئیتر تا ئەوانەیان لێك جیانەکردایەتەوە دەستییان لەخواردن هەڵنەئەگرت، ئەوسا بۆروونکردنەوەی ئەم کارە ئەو ئایەتە هاتوو، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) تێی گەیاندن کە: مەبەست سپێدە بەیان و تاریکی شەوە، نەك دەزووی سپیی ورەش.

کە مەبەست لە ڕوناك بونەوەی لای بەشی خۆرهەڵاتەو کەمێك ڕوناك دەبێتەوەو کەهێشتا لەبەشی خۆرئاوا ئەستێرە دیارەو تاریکە، ئەویش کاتێك کە نوێژی بەیانی دەکرێت ئەو جیابونەوەی تاریکایی و ڕوناکیە دەبینرێت، واللە اعلم .

بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت کە کاتی دەست پێکردنی ڕۆژوو ئەو کاتەیە کە سپێدەی بەیانی بەدەرکەوێت، لەو کاتەوە بەدواوە دەبێت ڕۆژووەوان واز لە تەواوی قەدەغەکراوەکانی ناو ڕۆژوو بهێنێت تا ڕۆژ ئاوا بوو .

جا لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کەوا ئەگەر وڵاتێك شەوڕۆژی لێك جیاببێتەوە ئەگەر بەچەند سەعاتێکی کەمیش

بێت، دەبێت ڕۆژگارەکەی چەندێك درێژیش بێت هەر بەڕۆژوو بین تیایدا!.

ئەگەر کەسێك پرسیار بکات و بڵێت: ئاخر چۆن شتی وادەبێت کێ ئەو توانایەی هەیە؟ ئەو هەموو کاتە بەڕۆژوو بێت؟ ، یان کەسێك نەخۆش بێت، ئەوا ئێمەش دەڵێین بەپشتیوانی خوای گەورە دەتوانێت بیگرێت، خۆ ئەگەر ئەو کەسە نەیتوانی لەبەر نەخۆشی یان هەر هۆکاریکی تر بێت کە شەرع ڕێگای پێداوە کە ڕۆژوو نەگرێت ئەوا دەتوانێت ڕۆژووەکەی نەگرێت و لەکاتێکی تری ساڵدا ڕۆژووەکەی بگرێتەوە! بەپێی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت، ئەوەتا خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿...فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ...﴾ [البقرة/١٨٥] واتا : کەسێك لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی (یان هەواڵی بینینی پێدرا)، دەبا ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت با لەڕۆژانی تردا بەو ئەندازە بیگرێتەوە، چونکە خوا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس و گران بکات و بۆ ئەوەی ئەو ماوە دیاریکراوە تەواو بکەن.

هەروەها لە بارەی ئاسانکاری کردنی ئەرك وفەرمانەکانی دینیشەوە فەرموویەتی : ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج/٧٨] واتا : شیاوی باسە لەم دینەشدا، هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورسی نەخستۆتە سەرشانتان، تا ئێوە نەتوانن ئەنجامی بدەن، واتە: بڕیاری هیچ شتێکی بەسەرتانا نەداوە کەلە توانای خۆتاندا نەبێت .

لەم ئایەت و فەرموودە پیرۆزانەوە ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە کەوا، ئەم ئاینە پیرۆزە وەڵامی هەموو پرسیارێکی تێدایەو قورسایش ناخاتە سەر شانی شوێنکەوتوانی و ئاسانکاری بۆ کردوون لەجێبەجێ کردنی سەرجەم عیبادەتەکاندا، وە هەر تاکێکی مسوڵمان توانای نەبوو، ئیتر لەبەر نەخۆشی بێت یان هیلاك بون و لاوازیی لاشەیی، ئەوا دەتوانێت ڕۆژووەکەی هەڵگرێت بۆ کاتێکی تر لەساڵدا.

ئەو بەڵگەیەش ئەو زانایانە کردوویانە بە بەڵگە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو وولاتانەی ئەسکەندەنافیا بەکاتی مەککە بەرۆژوو بن لەگەڵ ئەم بەڵگەیە یەك ناگرێتەوە و پێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە، چونکە ئەوان پشتیان بە بەڵگەیەك بەستووە بۆ ئەو فەتوایەیان کە تەواو پێچەوانەی حاڵ و گوزرەانی خەڵکی ئەو وولاتانەیە کە شەو ورۆژیان تێدا دەبینرێت، ئەوان بەهێزترین بەڵگەیان ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری

خوا(صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بە هاتنی دەجال کە هاوەڵانی پرسیاری مانەوەی دەجالیان لێکرد لەسەر زەوی داو ئەویش فەرمووی: « أَرْبَعُونَ يَوْمًا ، يَوْمٌ كَسَنَةٍ ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ ، وَيَوْمٌ كَجُمُعَةٍ ، وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ . قُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، فَذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَسَنَةٍ أَتَكْفِينَا فِيهِ صَلَاةُ يَوْمٍ ؟ قَالَ : لَا ، اقْدُرُوا لَهُ قَدْرَهُ» [ رواە مسلم (٢٩٣٧)]. واتە: فەرمووی: چل ڕۆژ لەسەر زەویدا دەمێنێتەوە، ڕۆژی یەکەمی وەك ساڵێکەو، ڕۆژی دووەمی وەك مانگێکەو، ڕۆژی سێ یەمی وەك هەفتەیەکەو، باقی ڕۆژەکانی وەك ڕۆژەکانی ئێوەی لێ دێتەوە، هاوەڵانی بەڕێز ووتیان: ئایا ئەو ڕۆژەی کەوەك ساڵێکە ئێمە تەنها نوێژی یەك ڕۆژی تێدا بکەین، واتە( پێنج فەرزەکە)؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر بەڵکو کاتی شەو ڕۆژێك هەژمار بکەن و بەو شێوەیە نوێژەکانتان بکەن.

ئەم بەڵگەیە دەتوانین بڵێین دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوو وولاتانەی کە وەك دەڵێن: شەش مانگە ڕۆژە و شەش مانگیش شەوە، کە شەو ڕۆژیان لە بیست وچوار کاتژمێر زۆر زۆر زیاترە، بۆیە خەڵکی ئەو وولاتانەی شەو ڕۆژیان بەو شێوەیەیە دەتوانن خۆیان پەیوەست بکەن بە کاتی شاری مەککەوە و بەکاتی ئەوێ ڕۆژوو بگرن وهەر بەکاتی شاری مەککەش نوێژەکانیان ئەنجام بدەن، بەڵام بۆ وولاتانی وەك فلەندا و سوید و نەرویج ناکرێت

خۆیان پابەند بکەن بەهیچ وولاتیکی ترەوە، چونکە شەو ڕۆژیان دیارە لەچی کاتێکەوە رۆژ دەست پێ دەکات و لەچی کاتێکی تریشەوە شەو دادێت .

یان ئایا دەکرێت ئێستا فەتوا بدەین بۆ وولاتیکی وەك ئەرجەنتین کە لە کاتێکی وەك ئێستادا تەنها پێنج کاتژمێر بەڕۆژوو دەبن پییان بڵیین دەبیت لەگەڵ تەوقیتی شاری مەککە بەرۆژوو بن، چونکە ئێوە کەم بەڕۆژوو دەبن، بێگومان نەخێر !!

برام ناکرێت خۆ پەیوەست کردن بەهیچ وولاتێکی ترەوە، چونکە لەوو ولاتانەدا ڕاستە لەم کاتانەدا ڕۆژەکانیان درێژە و لەهەندێك وولاتیان دەگاتە بیست یان بیست و یەك کاتژمێر، بەلام وەك ئەوەی ئێمە پرسیارمان کردبێت شەش مانگی بەم شێوەیەیە، شەش مانگەکەی تری پێچەوانە دەبێتەوە، بەو مانایەی ئەگەر رەمەزان کەوتە ئەو شەش مانگەی تریانەوە کاتەکانیان زۆر کەمە و لە هەندێك کاتدا ئەگەر بە گوێرەی سپێدەی بەیان و داهاتنی شەوو ڕۆژوو بگرن سێ تا چوار کاتژمێر ڕۆژوو دەگرن، بەم شێوەیە ڕوون بوویەوە وەك چۆن شەش مانگ ڕۆژوو گرتنیان تووشی نارەحەتی دەبن بەلام شەش مانگی تریان خوای گەورە بۆی ئاسان کردوون و هەقی بۆ کردوونەتەوە بەشێوەیەك تەنها دوو سێ کاتژمێر بەڕژوو دەبن،

ئێمە دەپرسین دەکرێت بەو خەڵکە بڵێین نابێت دوو سێ کاتژمێر بەڕۆژوو بن بەڵکو دەبێت بە تەوقیتی شاری مەککە بەرۆژوو بن کە دەگاتە دوانزە تا سیانزە کاتژمێر، فەتوادانی لەم جۆرە دەبێت مایەی بشێوی دروست کردن لە تەواوی وولاتانی تریشدا، چونکە وولاتێکی وەك هۆڵەندایش کە لەڕووی جوگرافیشەوە دوورە لەوولاتانی ئەسکەندەنافیا ڕۆژیان لەم هاوینەدا دەگاتە حەڤدە سەعات و زیاتر دەبێت فەتواکەش ئەوانیش بگرێتەوە، بۆی هەیە وولاتێکی تری کە شانزە سەعات بەرۆژوو دەین بڵێیت ئێمەش ناتوانین ئەو ماوە زۆرە بەڕۆژوو بین، و هەروەها بۆ ولاتانی تریش، بۆیە دەبینین قیاس کردنی کاتی وولاتانی وەك ( سوید و نەرویج و فلەندا ) لەسەر فەرموودەکەی کاتی هاتنی دەجال کە ڕۆژی یەکەمی هێندەی ساڵێك دەبێت، قیاسێکی وەك زانایانی ئوصول دەڵێن ( قیاس مع الفارق ) واتا : هۆکاری قیاس کردنەکەیان جیاوازە، چونکە هۆکاری حوکمەکە لە فەرموودەکەدا دیارە کە رۆژی یەکەمیان درێژیەکەیەتی بە ئەندازەی ساڵێك، بەڵام هۆکاری حوکمەکە لە فەرعی قیاسەکەدا وەك یەك نیین، بەڵکو شەو وڕۆژی تێدا دیارە .

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئێوە خۆتان پابەند کرد بە کاتی شاری مەککەوە ئەو کاتە دەبێت بڵێین بۆ نوێژەکاناتنیش دەبێت خۆتان پەیوەست بکەن بەشاری مەککەوە، ئەمەش

نارەحەتی و ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەر خەڵکی ئەو شارانە، چونکە کاتی نوێژەکان لە شاری مەککەوە بۆ وولاتانی ئەسکەندەنافیا زۆر جیاوازە .

ئەم جۆرە فەتوایانە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی بشێوی دروست کردن و (ضبط ) نەکردنی ئەحکامەکانی ئیسلام ..

بۆیە دوای لێکۆڵێنەوەیەکی وورد لەم بابەتە ئێمە بۆمان دەرکەوت ئەو زانایانە ڕاکانیان پەسەندتر و لەهەقەوە زیاتر نزیکە کە دەڵێن دەبێت بە پێی شەو و ڕۆژی خۆتان ڕۆژوو بگرن نەك بەکاتی شاری مەککەی پیرۆز .

ئەگەر دەڵێن چار چیە :

دەڵێین : بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر نارەحەت دەبن و ناتوانن رۆژوو بگرن ئەوە خوای گەورە مۆلەتی داوون کە ڕۆژوو نەگرن، بەڵام دواتر و لەو کاتەی کە دەتوانێت بیگرێتەوە با بیان گرێتەوە .

یان بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی کوردستانن دەتوانن لەو مانگە پیرۆزەدا سەفەر بکەنەوە بۆ کوردستان و ئەو مانگە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ناو خزمان ڕۆژووەکانیان بگرن، و لە ڕاستیدا هەندێك کەسیش دەناسین لەم چەند ساڵەدا کە

ڕۆژووی ئەوو وڵاتانە نارەحەتیان دەکات لەو مانگەدا دێنەوە بۆ کوردستان بۆ ڕۆژو گرتن .

نەك هەر هێندە بەڵکو لەهەندێك ووڵاتان لەم وەرزی گەرمای هاوینەدا لە ئێستادا ڕۆژیان تەنها پێنج کاتژمێرە وەك ووڵاتی ئەرجەنتین، ئەگەر کەسێك دەسەلاتی هەبێت و خوای گەورە پێی دابێت، دەتوانێت ئەو مانگە لە ئەرجەنیتن بێت و لەبری بیست و دوو کاتژمێر تەنها پێنج کاتژمێر بەڕۆژوو بێت .

خوای گەورەش زاناترە.